نەوت: کەمی غازی ماڵان دروستکراوە و بڕی زیادە دەنێرین بۆ وەستگەکانی دابەشکردن

وەزارەتی نەوت، ئەمە سەشەمە جەختی کردەوە کەمی غازی ماڵان دروستکراوە ، ئاماژەی بەوەش کرد کە بڕی غازی زیادە ڕەوانەی وەستگەکانی دابینکردن دەکەن.

ساحب بزوون، وتەبێژی وەزارەت بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەڕع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: "هیچ نوقسانییەك لە بوتڵی غازدا نییە، ئەوەی ئێستا ڕووددات بریتییە لە شواندنەکی ئەنقەست لەلایەن هەندێک لە گواستنەوەکارانەوە، و ڕەکاری توند بەرامبەریان دەگیرێتەبەر." ئاماژەی بەوەش کرد کە " غازی ماڵان لە هەموو وەستگەکانی دابینکردندا بە بەکی زۆر بەردەستە."

وتیشی: "وەزارەت بڕی زیادەی گاز بە وەستگەکان و بە هەر ناوچەیەک کە پێویستی بە گاز بێت دەنێرێت،" ئاماژەی بەوەش کرد کە "وەزارەت لەم دواییانەدا زیاتر لە 20 هەزار تەن گازی هەناردە کردووە."

بزوون ڕوونیشیکردەوە کە "عێراق گەیشتووەتە خەبژوی لە غازی شل،" و ئاماژەی بەوە کرد کە "وەزارەت لە ئێستادا بڕی نوێی گازی ئامادەکردووە بە هەناردەکردن."